# هۆکاری دوورکەوتنەوەی زانایانی ئەهلی سوننەت لە فەلسەفە
## کوردستانی باشور وەك نموونە

م.ی. محەمەد جەودەت عمر
زانکۆی ڕاپەڕین
کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان
بەشی فەلسەفە

پێشەکی :

بێگومان بواری هزر و فەلسەفە بوارێکی زۆرگرنگ و پێویستە ، بۆیە دوور کەوتنەوە لەم بوارە شیمانەی ئەوەی لێ دەکرێت ببێتە مایەی دواکەوتن و وەستان پاشانیش پەل بکێشێت بۆ توندوتیژی و تیرۆر ، بێگومان پێشکەوتنی کومەلگا بەستراوەتەوە بە بیرکردنەوە وچالاککردنی هێزی بیروهزر لەلای تاك وکومەلگا ، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی کە هەموو مرۆڤێك پێویستی بە فەلسەفە هەیە چونکە سەرچاوەی فەلسەفە عەقڵە هەروەك چۆن سەرچاوەی ئاین سروش(وحی) ە ، فەلسەفە عەقڵی مرۆڤ چالاك دەکات و فێری بیرکردنەوەی دەکات ، جا لەگەڵ وەرگێرانی فەلسەفە بۆ سەر زمانی عەرەبی لە سەردەمی عەباسییەکان ، فەلسەفە هاتە نێو جیهانی ئیسلامی ، بەڵام لە سەرەتا دژایەتیان دەکرد ، بە تایبەت زانایان ئەهلی سوننەت بەهیچ شێوەیەك ڕێگایان نەدا فەلسەفە بخوێندرێت ، چونکە پێیان وابوو فەلسەفە لەگەڵ ئیسلام هەڵناکا ، بۆیە ڕەتیان کردەوە و بەرەنگاری بوونەوە بە بیانوی ئەوەی کە فەلسەفە موسڵمان گومڕا دەکات ، لەم ڕووەوە هەڵوێستی زۆر توندیان نیشاندا سەبارەت بە فەلسەفە ، بەڵام گروپی موعتەزیلە کە یەکەمین گروپ بوون سوودیان لە فەلسەفە وەرگرت ، بنەماو پرنسیپەکانی عەقڵگەراییان هێنایە نێو جیهانی ئیسلام ، ئەمەش بووە سەرەتایەك بۆ دەرکەوتنی فەلسەفەی ئیسلامی ، لەم دەسپێکەوە ئیدی چەندەها فەیلەسوفی ناوداری وەك ( فارابی ، ئیبن سینا ، ئیبن روشد ) دەرکەوتن کە دەیەها کتێبی فەلسەفەیان نووسی و لەسەر دەستی ئەوان فەلسەفە گرنگی و بایەخێکی زۆری پێ درا ، بەڵام ئەم تەوژمە بەردەوام نەبوو ئەویش بە هۆی بەرهەڵستکاری زانایانی ئەهلی سوننەت وەك (ئیمام احمد بن حنبل و صلاح شهرزوری ، ئیمام غەزالی ) بەتایبەت پەڕتوکی (تهافت الفلاسفە)ی ئیمامی غەزالی بووە تەوژمێکی بەگوڕی فەلسەفی کە ڕووبەڕووی تەکفیر و گومڕایی دەوەستا ، سەرباری ئەمەش زانایانی ئەهلی سوننەت هەستان بە سوتاندنی کتێبە فەلسەفیەکان بە تایبەت لە سەردەمی (ئیبن روشد) ، جا ئەم توێژینەوەیەی بەردەستتان بریتیە لەدوو بەش ، بەشی یەکەم لە دوو باس پێك هاتووە ، باسی یەکەم تیشك


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەخاتە سەر پێگەی فەلسەفە لە جیهانی ئیسلام و باسی دووەم هۆكاری دوور كەوتنەوەی زانایانی ئەهلی سوننەت لە ڕەهەندی فەلسەفی روون دەكاتەوە ، لە بەشی دووەمدا كە بریتیە لە دوو باس ، لە باسی یەكەم ئاماژە بە ڕای زانایانی ئەهلی سوننەت سەبارەت بە فەلسەفە دەخەینە ڕوو و لەباسی دووەمیشدا ئاماژە كراوە بە زانایانی ئەهلی سوننەت و ڕەهەندی فەلسەفی لە باشووری كوردستان ئەویش بەسازدانی دیدار و چاوپێكەوتن لەگەڵ چەند پسپۆڕێكی ئەم بوارە .

ئامانج تۆژینەوە:

١-خستنە رووی سەرەتای دەركەوتنی فەلسەفە لەجیهان ئیسلامدا.

٢- دەست نیشان كردنی هۆكارەكانی دووڕكەوتنەوەی زانایانی ئەهلی سوننەت لەفەلسەفە.

٣-دەكرێ زانایانی ئەهلی سوننەت لە باشوری كوردستان سوود لەفەلسەفە وەڕبگرن بەتایبەت بۆئێستاكۆردستان.

میتودی تۆژینەوە:

لەم تۆژینەوەیدامیتودی شیكاریم بەكارهێناوە.

بەشی یەكەم : پێناسە و واتای واژەی فەلسەفە :

- پێناسەو واژەی فەلسەفە :

پێناسكردنی فەلسەفە كارێكی ئاسان نییە ، چەندەها پێناسە هەن بۆ فەلسەفە ، هەر فەیلەسوفێك بە جۆرێك پێناسەی كردوە ، بەلأم دەتوانین بلێین فەلسەفە جۆرێكە لە بە كارهێنانی عەقڵ بە واتای هەڵێنجانی عەقڵ و چالاككردنیەتی بۆ تێگەیشتن و بەرهەم هێنانی مەعریفە .

فەلسەفە لە وشەی فیلۆسۆفییای (philo sophy) گریكییەوە وەرگیراوە ، واتا خوشویستنی دانایی

بەلأم ئێمە دوو جۆر داناییمان هەن :

١) دانایی تیۆریانە : كە تێگەیشتن دەگرێتەوە .

٢) دانایی پراكتیكی كە مرۆڤی ئاسایی هانای بۆ دەبات ، دانایی پراكتیكی ڕەفتاری دروستە لە ژیاندا ، واتە فەلسەفە جۆرێك لە هۆشیاریی بە تایبەت هۆشیاری و تێگەیشتن لەبارەی گەردوون وجیهان لەخۆدەگرێت و ئەو هوشیاریەش لە ڕێگای هەست و ئەزموونەوە بە دەست دێت ( ئەرستو تالیس ) پێی وایە فەلسەفە دووبەشە ، تیۆری وەك (سروشتی ، ماتماتیك ، میتافیزك) و بەشی كرداری وەك (مۆڕال ، بەڕێوەبردنی خێزان ، و سیاسەت)[1]

[1] سروش، عبدالكریم. علم جیست،فلسفه جیست، انتشارت حكمت،گ اول ،ص ٣٥


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**واتای فەلسەفە لە ئیسلامدا**

وشەی فەلسەفە لە (سەدەی دووەم وسێیەم)ی کۆچی هاتە نێو جیهانی ئیسلامیەوە ئەویش لە ڕێگای ئەو پەرتوکە یۆنانیانەی کە بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێردران [٢] و فەیلەسوفە موسڵمانەکان ئەم دەستەواژیان وەرگێڕا بۆسەر زمانی عەرەبی بە واتای (محب للحكمه) واتە (خوشویستنی دانایی) ئیدی وشەی ( حكمە) لە شوێنی فەلسەفە دانرا ، هەروەها فەیلەسوفە موسڵمانەکان ، وشەی ( حیکمت )یان بەکارهێنا بۆ نووسینە فەلسەفییەکان ، چونکە ئەم وشەیە لە (قورئان وسوننەت) بەکارهاتووە ، بەمەش ویستیان مۆرکێکی ئیسلامی پێ ببەخشن .[٣] بۆ نمونە (ئیبن سینا) وشەی الحیکمەی بە کارهێنا بۆ کتێبە فەلسەفییەکانی خۆی وەك (عیون الحكمه ، الحكمه المشرقيه) و هەروەها (سەهرەوەردی)ش ئەم زاراوەیەی بەشێوازی (حکمە الاشراق) بەکارهێنا و(مەلاسەدرەی شیرازی)ش زاراوەی (الحكمه المتعاليه)ی بۆ ئاماژەکردن بەفەلسەفە بەکارهێنا ، کە واتە فەیلەسوفە موسڵمانەکان هاوڕابون لەسەر ئەوەی کە وشەی (الحكمه)لە شوێنی فەلسەفە دابنێن ، بەڵام لە ڕووی واتای فەلسەفەوە بیروڕای جیاوازیان هەیە و هەریەکەو لەم فەیلەسوفە موسڵمانانە لە ڕوانگەی خویانەوە فەلسەفەیان ماناکردوە .

- **فەلسەفە لە ڕووی واتاوە :**

ئەگەرچی پێناسەکردنی فەلسەفە کارێکی فرە ئەستەمە ، چونکە چەندین پێناسەی بۆکراوە و هەر فەیلەسوفێکی(ڕۆژئاوا یان ڕۆژهەڵات) بە جۆرێك پێناسەیان کردوە و شرۆڤەیان داوەتێ و جگە لەمەش لە هەرقۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوودا فەلسەفە مانا و پێناسەی خۆی هەبووە ، جا یەکەم فەیلەسوفی ئیسلامی (ئەبویعقوب کەندی) بەم شێوەیە پێناسەی فەلسەفە دەکات : (فەلسەفە واتە ناسینی ڕیالیستیی شتەکانە واتە (واقع)ی شتەکانە بە ئەندازەی توانای مرۆڤ ، مەبەستی فەیلەسوف لە زانینی تیۆریدا دۆزینەوەی ڕاستی(الحقيقه) یە لە ڕووی زانینی کرداردا و کارکردنە بە ڕاستی)[٤] هەروەها (ئیبن سینا)بەم شێوەیە پێناسەی فەلسەفە دەکات : (مەبەست لە فەلسەفە ئەوەیە کە مرۆڤ هوشیاربیبێتەوە لە بارەی ڕاستی شتەکان (الاشیا) بەئەندازی توانای خۆی ، وە شتەکان دەبن بە دووبەشەوە بەشێك بوونی شتەکانن کە لە دەسەلاتی ئێمەدا نییە ، و بەشێکی دی کە لە ئیختیار و دەسەڵاتی ئێمەدایە بەم شێوەیە زانین لە بارەی بەشی یەکەم پێی دەوترێت فەلسەفەی تیۆر و زانین لە بارەی بەشی دووەمیش کە پێی دەوترێت فەلسەفەی کرداری دواتر دەڵێت : (مەبەست لە فەلسەفەی تیۆری (کامڵ بونی نەفسە)واتە ناسین و زانینی ڕاستیە (معرفه الحقيقه) مەبەستیش لە فەلسەفەی کرداری کامڵ بونی نەفس و کارکردنە بە نەفسی کامڵ) واتە ناسین و زانینی چاکەیە (الخير) وجێبە جێکردنیەتی.[٥] پێویستە ئەوە بزانین کە واتای (نەفس ) لەلای دانایان ( الحكما) بە مانای دوو وزە دێت : (القوه العالمه : وزەی تیۆری) و (وزەی کارا : القوەالعاملە) . واتە وزەی زانین و کارایی زانین و بە هاوبەشی

[٢] –ابن النديم : الفهرست ، بيروت ، دار المعرفه ، ١٩٧٨ ج١ ، ص: ٣٤٠ .

[٣] . بۆنموونە ئیبن سینا(٩٨٠-١٠٣٧م)

[٤] –سعیدی مهر،د.محمد،معناومفهوم فلسفه دراسلام،مجله أيينه معرفت،سايتى (wwwnoormags.com

[٥] –اورمسون، الموسوعه الفلسفيه المختصره،ترجمه فؤاد كامل واخرون،ص ١٢


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەردوو وزە عەقلی پێی دەوترێت : (عەقڵی تیۆری و عەقڵی کارا) کەواتە فەلسەفە لای (ئیبن سینا) بریتیە لە پەرەپێدانی توانای عەقڵ و هزرین وە گەیاندنی بە کامڵ بوون ، واتە درککردنی بە حەقیقەت و مەبەست لەحەقیقەت دڵنیابوون و باوەڕهێنانە بە ناسینی (وجود و مراتب وجود) وخوداش (واجب الوجود)ە کە حەقیقەتێکی یەقینیە و هەنگاونانە بۆ گەیشتن بە عەقڵی کارا و خودای گەورە و پاککردنەوە و سافکردنی دەروون لە تاوان و ڕەنگدانەوەی جوانی خودا لە دڵدا ، (ملاصەدرەی شیرازی) پێی وایە (فەلسەفە گەیشتنی روحە بە کەماڵ بە ئەندازەی توانای مرۆڤ لە ڕێگای ناسینی ڕاستی زاتی شتەکانەوە وەك خۆیان کە هەن و باوەڕهێنانە بە بوونیان ئەویش بە بەڵگەی عەقڵی و دوور لە گومان و لاسایی (تقلید).[٦] ئیدی لە کۆی ئەم دید و بۆچوونانە بۆ زاراوەکە دەتوانین بڵێین فەلسەفەی ئیسلامی بریتیە لە : هەڵێنجانی عەقڵ و پەرەپێدانی توانای ئاواز و هزرین و شیکردنەوەی تێکستەکانی (قورئان و سوننەت) لەسەربنەمای عەقڵ و لۆژیك و گەیاندنی گیان (روح) بە کامڵبوون و گەیشتن بە حەقیقەتی ڕەها.

بەشی دووەم : سەرەتای سەرهەڵدانی فەلسەفەی ئیسلامی .

لە سەردەمی دەسەڵاتی عەباسیەکان (١٣٢-کۆچی -٧٥٠-زایینی) کە دەکاتە کۆتایی سەدەی دووەمی کۆچی و لە سەردەمی( هارون رەشید) دەست کرا بە پرۆسەی وەرگێڕانی کتێبی یۆنانی سریانی ، هندی وئێرانی بۆ سەر زمانی عەرەبی بە تایبەتی لە سەردەمی (مأمون)ی کوڕی (هارون رەشید) کاری وەرگێڕان پێشقەچونی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی و گرنگییەکی بێوێنەی پێدرا ، (مأمون) هەستا بە دانانی دەزگایەك بۆ وەرگێڕان و ناوی لێنا (بیت الحکمە)کە ڕۆڵێکی زۆر باشی گێڕا لەم بوارەدا ،[٧] ئیدی بەمشێوەیە وردە وردە جیهانی ئیسلام بەرەو کرانەوە هەنگاوی نا[٨] ، دەتوانین بڵێین لەگەڵ سەرهەڵدانی بەگوڕی پرۆسەی وەرگێڕان هزر و فەلسەفە هاتە نێو جیهانی ئیسلامیەوە بەتایبەت پەیدابوونی( زانستی کەلام) کە پێشەکی و زەمینە سازبوو بۆ فەلسەفە ئیسلامی ، بە بڕوای (سید حسین نصر) فەلسەفەی ئیسلامی لە سەدەی (دووەم و سێیەمی کۆچی) بوونی هەبووە و کەس ناتوانێت ئەم ڕاستیە نکوڵی لێ بکات و تا هەنوکەش ئەم ڕەوتە فەلسەفیە هەر بەردەوامە ، واتە نزیکەی( ١٢٠٠)ساڵە هزری فەلسەفی لە شارستانیەتی ئیسلامیدا بە شێوەی قوتابخانەی جیاواز خۆی دەرخستووە.[٩]

-شوێنگەی سەرهەڵدانی فەلسەفەی ئیسلامی :

بێگومان شوێنی سەرهەڵدانی فەلسەفە ڕۆژئاوا بووە بە تایبەت (یۆنان) ، وشەی فەلسەفەش بەخۆی وشەیەکی یۆنانیە و فەیلەسوفە گەورەکان لە یۆنان سەریان هەڵداوە وەك (فیساگورس ، سوکرات ، ئەفلاتون) ، فەیلەسوفی یۆنانی بەناوبانگ (ئەرستۆ) پێی وابووە فەلسەفە لە یۆنانەوە دەستی پێ کردوە ، خاوەنی یەکەمین تێڕوانینی فەلسەفیش ( تالیسی مالتی)بووە ، کە یۆنانی بووە و لە سەدەی( شەشی) پێش زاییینیدا ژیاوە.[١٠] بەڵام لە سەرەتای

---

[٦] –شیرازی، ملاصدرا،الاسفارالعقلیەالاربعە. قم :منشورات مصگفوی گبع١٣٧٦، ج١،ص ٢٠

[٧] –صلیبا،جمیل،تاریخ الفلسفە العربیە.بیروت دارالکتب اللبنانی،گ ١٩٨١،ص ٩٧

[٨] –برهیە،أمیل،تاریخ فلسفە قرون وسطی ودورەی تجدد، ترجمە وتلخیص. یحی مهدوی،چ انتشارات خوارزمی–تهران.س ١٣٧٧،لا ١٤١

[٩] – گفتزگوی حامد زارعی بە سیدحسین نصر ، دەربارەی(فلسفەوحکمت ئیسلامی أزأغازتابەأمروز ماهنامە مهرنامە ،ماە أبان /١٣٨٩

[١٠] –کولر.جون،الفکرالشرقي القدیم،ترجمە:کامل یوسف حسن،مراجعة:امام عبدالفتاح امام. سلسلة عالم المعرفة،١٩٩٥ولا٧


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئیسلام بە هیچ شێوەیەك ڕێگا نەدەدرا موسڵمانان جگە لە قورئان بە هیچ زانستێکی دیکە ئاشنا بن ، جارێکیان پێغەمبەری ئیسلام محمد(ص) چاوی کەوت بە عومەری کوڕی خەتاب کە لاپەڕەیەکی تەوراتی بەدەستەوەیە زۆر نارەحەت و نیگەران بوو و لەسەر ئەم کارەی سەرزەنشتی کرد و قەدەغەی کرد لە خویندنەوەی ، بۆیە موسڵمانانی ئەو سەردەمە هەمیشە لەچوارچێوەی قورئان بیریان دەکردەوە ، هەردیدو بۆچونێك ئەگەر لەقورئان و فەرموودەی پێغەمبەر(ص) سەرچاوەی نەگرتبایە بێ یەك و دوو ڕەتیان دەکردەوە ، واتە فەلسەفە زانستێکی نامۆ و بێگانەبووە لە نێوجیهانی ئیسلامدا ، بۆیە سەرەتا زۆر بەتوندی ڕەت کراوەتەوە چونکە گومەڵگای ئیسلامی هیچیان لەبارەی ئەم دەستەواژەیە نەزانیوە ، بەڵکو بە کوفر و زەندەقەیان لەقەڵەمداوە ، تا سەدەی (دووەمی کوچی) یش موسڵمانان بەم شێوەیە بیریان دەکردەوە ، لە دوای (سەدەی دووەم )یشەوە وورده وورده بیروڕای کەلامی پەیدابوو و لە سەردەمی خەلیفەی عەباسی (مأمون)یشدا گەشەی سەند و زەمینە سازبوو بۆ فەلسەفەی ئیسلامی کەواتە خاستگای فەلسەفەی ئیسلامی یۆنان بووە و زۆربەی فەیلەسوفە موسڵمانەکانی وەك(کندی و ئیبن سینا و ئیبن روشد)لە ژێرکاریگەری فەیلەسوفەکانی یۆناندا بوونە[11] .

-زانستی کەلام و فەلسەفەی ئیسلامی :

بێگومان پەیوەندیەکی جەوهەری و کرۆکئامێز لەنێوان زانستی کەلام و فەلسەفەی ئیسلامیدا هەیە ، بەڵام لە ڕووی میتۆدەوە جیاوازن ، ئەگەرچی زانستی کەلام بە سەرەتا و زەمینەساز دادەنرێت بۆ فەلسەفەی ئیسلامی ، لەم ڕوانگەیەوە باشتر وایە ئاماژەیەك بە پێگەی زانستی کەلام بکەم تاکو ئەم بابەتە باشتر ڕوون ببێتەوە .

ئایا زانستی کەلام چیە ؟ : ئەو زانستەویە کە تاوتوێی بابەتی بیروڕا و (عقیدە)ی ئایینی دەکات ، بە تایبەت سەلەندنی خودا بە بەڵگەی عەقلی و هەروەها بەرگریکردن لە بیروڕای ئیسلامی وپوچکردنەوەی گومانی گومانکاران ئەویش بە پشت بەستن بە بنەماکانی لۆجیك و عەقل.[12] کەواتە زاستی کەلام عەقڵ و لۆجیك بە کاردهێنرێت بۆ پارێزگاریکردن لە بیروڕای ئایینی ، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین زانستی کەلام پێشەکیەك بووە بۆ فەلسەفەی ئیسلامی، چونکە بابەتەکانی زانستی کەلام پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە بواری میتافیزك لە فەلسەفەدا ، کە (ئەرستۆ) ناوی ناوە (فەلسەفەی یەکەم) بۆیە گروپی (موعتزیلە) بە یەکەمین گروپ دادەنرێن کە ڕەهەندێکی عەقڵیان بە کارهێنا بۆ شی کردنەوەی تێکستەکانی( قورئان وسونەت) بە تایبەت لە باسی (خلق القرأن) واتا خودا قسەکانی خۆی (دەخولقێنێت) واتە دروستیان دەکات ، بێگومان ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ موسڵمانان زۆر تازە بوو ، بۆیە ئەهلی (حەدیس ، فەرموودەکانی پێغەمبەر ) زوربە توندی بەرامبەر بەم بۆچوونە عەقڵیە وەستان و دژایەتیان کرد.[13] لە کاتێکدا موعتەزیلە و ئەهلی کەلام دید و بۆچوونەکانیان لە ئایینی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتبوو ، واتە مورکێکی ئیسلامی هەبوو ، بەڵام فەلسەفەی ئیسلامی لە هەردوو ئایینی ئیسلام و فەلسەفەی یونانیەوە دروست بووە واتە تێکەڵەیەکە لە سەرچاوەی

---

[11] –ابن خلدون : المقدمه ، گ٥ ، بیروت دار القلم ، ١٩٨٤ ص: ٩٠

[12] –خسروپناه، عبدالحسین، کلام جدید، قم، مرکز مگالعات و پژوهشهای فرهنگی حوزه علمیه، چاپ سوم، ١٣٨٣، ص ٦.

[13] – د.محمد خلیل،.صبری، مقدمه فی علم الکلام والتصوف والفلسفه الاسلامیه، الناشر:دار جامعه الخرگوم للنشر.(مقتبسامن هژا الموقع http://www.sudaneseonline.com )


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئیسلامی و یۆنانی بۆیە دەكرێ بڵێین زانستی كەلام بە شێكە لە فەلسەفەی ئیسلامی ، زۆر لە توێـژەرانی بواری فەلسەفەی ئیسلامی لانیەكەم سێ بواری گرنگ لەو بوارانە لەژێر ناونیشانی فەلسەفەی ئیسلامیدا كۆ دەكەنـەوە ، كە بـریتین لـە فەلسـەفەی ئیسلامی (بەرهـەمی فەیلەسوفە ئیسلامیەكانی وەك فـارابی و ئـیبن سـینا و ئـیبن روشد) و سۆفیزمی ئیسلامیش وەكو (بەرهەمەكانی عارفانی وەك ئیبن عەرەبی وحەلاج وئیبن سبعین).[14]

-هەڵوێستی زانایانی ئیسلام لە سەرەتای دەركەوتنی فەلسەفە :

لەگەڵ پەیدابوونی فەلسەفە لە نێوجیهانی ئیسلامدا، زانایانی ئیسلام هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیانـد سـەبارەت بـە فەلسەفە ، چونكە فەلسەفە لای موسڵمانان زانستێكی تازە و بێگانەبوو و ئەم هـزرە فەلسـەفیە بـە دوو ڕێـڕەودا هەنگاوی نا كە هەردووك جیاواز و دژبەیەك بوون ، ڕێـڕەوی یەكـەم هـەواداری فەلسـەفەبوون وەك : (فـارابی و كندی و ابن سینا) ڕێـڕەوی دووەم كـە بـە پێچـەوانەی یەكەمـەوە بـوو ، وەك ( ئیمـام ئەحمـەد و غـەزالی وئـیبن تیمیە) كە ئەمانە دژ بە فەلسەفە بوون و ڕەخنەی زورتوندیان ئاڕاستەی فەلسەفە دەكرد ،[15]، زانایان بەگشتی ڕای جیاوازیان هەبووە سەبارەت بە دیاردەی فەلسـەفە تەنانـەت نـاوی فەلسـەفەش .چونكە گۆمـەڵگای دوڕگـەی عـەرەبی هـیچ ئاشـناییان بـە هـزرو فەلسـەفە نـەبوو ، تـەنها گرنگیـان بـە شـیعر و ئـەدەب دەدا ، عـەرەب تـەنها شاعیریان هەبووە و هزرمەندیان نە بووە ، لەم ڕوانگەوە ، دەتوانین بڵێین زانایـانی سـوننە بـە سـەر سـێ گـروپ دابەش ببوون ، ئەو سێ گروپەش بریتی بوون لـە (ئـە هلی حـەدیس ، ئـەهلی ڕأی و ئـەهلی عرفـان) ئـەم سـێ گروپە ڕای جیاوازیان هەبوو بۆ فەلسەفە ، لەم ڕوانگەوە ئێمـە سـەرەتا ئامـاژە بـە هەنـدێك هوكاردەكـەین كـە بۆچی زانایان كاردانەوەی توندیان نیشاندا هەمبەر بە فەلسەفە :

-هۆكاری دژایەتی زانایانی ئیسلام لەگەڵ فەلسەفە :

یەكێك لە گرنگترین هۆكارەكانی ئەم دژایەتیكردنـە ئـەوەبوو كـە ویسـتوویانە لـەو ڕێگەیـەوە ئیسـلام بپـارێزن و نەهێڵن بیری ئیسلامی بەلاڕێدا بچێت . ئـەوان دەیـانوت كـە ئێمـە نیـەتی پاكمـان هـەبووە و تـەنیا ویسـتوومانە ئیسلام لـەم مەترسـیە بپـارێزین ، بـەڵام هەمیشـە نیـەت پـاكی ناتوانێـت بـە ئـەنجامێكی بـاش بگـات . ئـەوان دەیانتوانی لـە پێشـدا بـە جوانی هـزری فەلسـەفیان بناسیبایە و بیانزانیبایە كـە نووسـەر یـان توێـژەری هـزری فەلسەفی بە تایبەت چ مەبەستێكی هەیە و دواجار چۆن بڕیاریان لەسەر بدابایە . نابێ كـاتی ڕووبەڕووبوونـەوە لەگەڵ فكرێكی نامۆ بڕیاری پێشوەخت بدەین و ئەو فیكرە وەكو مەترسیەكی گەورە بۆ فیكری خۆمـان بـزانین . لەوانەیە یەكێكی تر لە هۆكارەكانی دژایەتیكردنی هـزری فەلسـەفی لەلایـەن موسـڵمانەكانەوە ئـەوە بووبێـت كـە ئەو هزرە بەباشی وەرنەگێڕدرابێت ، چونكە هەندێك چەمكی فەلسەفی هەن كە بەدەگمـەن دەتـوانین وشـە یـان چەمكێكی یەكسانیان بۆ بدۆزینەوە لە زمانی خۆماندا ، ئەمەش وادەكات كە ئامانج و مەبەستی نووسەر بەباشی ڕوون نەكرابێتەوە .

[14] –هاوژین مەلائەمین،دەروازیەك بوئاشنابون بە زانستی كەلام،چ خانی ،دهوك.٢٠١٠،ل١٢

[15] –الوردی،علی ،منگق ابن خلدون.داركوفان للتشر،لندن،الگبعه الپانیه سنه ١٩٩٤،ص ١٧٩


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هۆكارێكی تر موعامەلەكردنی بەشێوە ڕووكەش و قوڵبوونەوە لە هزری فەلسەفیە ، واتا چۆن موسڵمانان هەستیان بە گرنگی فەلسەفە نەكردبوو ، هەروەها بە شێوازێكی ڕووكەشانە ئەو هزرەیان وەردەگرت و دواتر بە ئاسانی دەیانگوت كە ئەم هزرە هیچ نیە و لە ئیسلامدا شتی باشترمان هەیە .

مصباحی یەزدی[16] دەڵێت : ئەگەر هۆكار وەكو پاڵنەر پێناسە بكەین ، دەبێت بڵێین كە پاڵنەری ئەم دژایەتیكردنە پاراستنی فیكری ڕاستەقینەی ئیسلام بووە . یاخود بۆ ئەوەی نەهێڵین بیر و هزری ئیسلامی تێكەڵ بە بیر و بۆچوونەكانی تر ببێت .

ئوستاد ممدوحی[17] دەڵێت : ئەو شتانەی كە مصباحی یەزدی باسیان دەكات تەواون ، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستیەی بۆ زیاد بكەم كە ئەگەرچی وشەی فەلسەفە لە سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام و سەحابەدا نەبووە ، بەڵام هەندێك لە چەمكەكانی فەلسەفە بوونیان هەبووە ، بۆنمونە (ئیمامی علی) لە كتێبی (نهج البلاغە)دا باس لە گەوهەر و عرز دەكات ، كەوابوو فەلسەفە هەر لەو سەردەمەدا بوونی هەبووە . هەندێك لە كەسایەتیە بەناوبانگەكانی ڕێبازی (دەهری) وەكو أبو شاكر وسیانی و أبن أبی العرجا و أبن مقفع لە فەلسەفە كەڵكیان وەردەگرت ، تاوەكو لەبەرامبەر دینی ئیسلامدا بووەستنەوە و بەشێوەیەكی ئاشكرا و ڕاشكاوانە هەوڵی دژایەتیكردنی ئەم دینەیان دەدا ، بۆیە هەركات ناوی فەلسەفە دەهات ، خێرا هەموو كەسێك بیری لە (دەهریەكان) دەكردەوە ، هەندێكیش بە فەلسەفەیان دەگوت (علمی الحاد) یان ( زەندیقەكان) .

فیازی دەڵێت : هۆكاری گرنگی دژایەتی موسڵمانان لەگەڵ فەلسەفە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئەو كەسانەی هزری فەلسەفیان دەهێنا بۆ ناو ئیسلام ، نیەتێكی پاكیان نەبوو ، بەڵكو ئەوان دەیانویست لە فەلسەفە كەڵك وەربگرن و بۆ ئەوەی ڕێبازێكی فەلسەفی دژ بە ڕێبازی (أهل ألبیت) دابمەزرێنن . فەیلەسووفەكان دەڵێن ڕۆح ناتوانێت پێش جەستە بوونی هەبێت . یاخود ئەو بیرە فەلسەفیەی كە دەڵێت : گەڕانەوەی شتی لەناوچوو نا مومكینە و ئەمەش بەڕاشكاوی دژایەتی ئیمان بەجیهانی دوایی دەكات .

كەوابوو بەكورتی دەتوانین بێژین كە دژایەتیكردنی ئیسلام لەگەڵ فەلسەفە لەبەر ئەم سێ هۆكارەبووە :

یەكەم / ئەوانەی كە هزری فەلسەفیان هاوردەی دونیای ئیسلام دەكرد ، دووژمنانی ڕاستەقینەی ئیسلام بوون .

دووەم / ناكۆكبوونی هەندێك بیرۆكەی فەلسەفی لەگەڵ بونیاتەكانی ئیسلام .

سێیەم / وەهمی دژایەتی هەندێك بیرو بۆچوونی فەلسەفی لەگەڵ باوەڕە دینیەكان .[18]

رای زانایانی ئەهلی سوننەت دەربارەی فەلسەفە :

ئەوكاتە لە جیهانی ئەهلی سوننەت دوو تەوژمی ئەقڵ ئامێزی دژاودژ لە ئارادا هەبوون : یەكێكیان تەوژمێكی ئیسلامی سەلەفی بوو كە فەقیهانە پابەندی دەقەكانی قورئان و سوننەت بوون ، بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ شرۆڤە و لێكدانەوەدا نەبوون. لە كۆتاییەكانی سەدەی دووەمی كۆچیدا و كاتێك كە بزاوتی

---

[16] – ایە الله العظمی ومرجعی تقلید ایرانی ئیستا لەزیان ماوە° محمد تقی مصباح الیزدی (١٩٣٥م).
/http://mesbahyazdi.ir

[17] –ایە الله حسن ممدوح ی (لەسال ١٣١٨ ھ.شەمسی لەدایك بوە)،خاوەنی دەیەها كتێبە ئاینی وفەلسەفیە.
- میزگرد فلسفەشناسي / با حضور آیت الله محمدتقي مصباح یزدي، آیت‌الله حسن ممدوحي، و استاد غلامرضا فـ
19 -http://marefatfalsafi.nashrsjhiyat.ir


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

وەرگێڕان و نووسین گەرم و گوڕیان تێكەوت ، هەندێك لە زانا موسڵمانەكان دەستیان دایە لاساییكردنەوەی فەیلەسووفە یۆنانیەكان ، ئەوەبوو مشتێك لە بیرو بۆچوونی فەلسەفی و لۆجیكی خزێنرانە ناو توێژینەوە ئیسلامیەكانەوە . ئەمەش بێگومان دەرئەنجامی نەشیاوی لێكەوتەوە و بووە هۆكاری سەرهەڵدانی گومڕایی و گێرەشێوێنی سەبارەت بە بنەما و بنەچەكانی ئیسلام .

یەكێك لەو زانایانەی كە باس لەم حاڵەتە دەكات ، زانا ( شمس الدين أبی عبدالله محمد بن الشيخ الصالح أبی بكر بن أيوب بن سعد )ی ناسراو بە (ابن قيم الجوزيه)-(٧٥١ھ) بوو ، كە لەمبارەیەوە وتوویەتی : كە سەرەتای سەدەی سێیەم هات و (عبدالله المأمون) بووە خەلیفەی موسڵمانان ، مأمون حەزی لە زانست بوو ، هەمیشە كۆڕ و دیوەخانی لە زانایان و وتەبێژان جمەی دەهات ، ئەو زیاتر سەرسام بوو بە بابەتە ئەقڵیەكان ، بۆیە فەرمانی دا كە پەرتووكەكانی یۆنان بۆسەر زمانی عەرەبی وەربگێڕدرێن . بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەك وەرگێڕی بەتوانای لە وڵاتانی دیكەوە هێناو چەند پەرتووكێكی یۆنانیان وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی ، ئیدی ئەم بابەتە زانستیانە بوونە بنێشتەخۆشەی خەڵكی و كۆمەڵگای ئەو كاتەیان سەرقاڵكرد ، خەلیفەش خۆی هات و ئەو كەسانەی هێنایە پێشێ كە جەهەمی بوون و ئەو قسەو قسەڵۆكانەیان لا پەسند بوو ، كە كاتی خۆی (هارون الرشيد) لاكەناری خستبوون و لەبەر گومڕاییەكانیان هەندێكیشیانی كوشتبوو ، هەروەها هەندێكیشیانی زیندانی كردبوو ، بەڵام (مأمون) هات و هەموو ئەوانەی هێنا و گرنگی پێدان ، بووە گوێ قوڵاغی ئەوان ، گۆتە و قسەڵۆكەكانی جەهەمیەكان سەرتاپای دڵ و دەروونی داگرت و بگرە خەڵكیشی ناچاردەكرد ئەو قسەڵۆكانە وەربگرن و هەركەسێكیش سەرپێچی بكردبایە یاخود باوەڕی پێیان نەبووایە سزا و جەزرەبەی دەدا . بەڵام ماوەی دەسەڵاتی (مأمون) زۆر درێژەی نەخایاند و (موعتەصەم) دەسەڵاتی گرتە دەست [19]، ئەویش ئازارێكی زۆری (أحمد بن حنبل)ی دا و بانگەشەیەكی بێ وێنەی بۆ ئەم بیروڕایانە دەكرد و جەهەمیەكانیش دەستخۆشیان لێدەكرد و بە باڵایان هەڵدەدا و دەیانگوت : ئەم بۆچوونە خودی ڕاستیە و پاكژكردنەوەی زاتی پەروەردگارە لە شوبهاندن و وێك چواندن و وێناندن . بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نەدەكاران دەقە پیرۆزەكان فەرامۆش بكەن و بیروبۆچوونەكانی خۆیان بەسەریاندا زاڵ بكەن و بیانسەپێنن ، چونكە ئیسلامەتی لەو ئان و زەمانەدا پلەو پایە و پێگەی خۆی هەر هەبوو . هەرچەندە پێشەنگانی ئەهلی سوننەت زاتی ئەوەیان نەدەكرد دەركەون و سەریان بەرزبكەنەوە .

**(ئیمام احمد بن حنبل – ٢٤ھ)**

تەوژمێكی ئیسلامی سەلەفی بوو كە فەقیهانە پابەندی دەقەكانی قورئان و سوننەت بوو ، بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ شرۆڤە و لێكدانەوەدا نەبوو ، بۆ ئەمەش لە دیارترین كەسایەتیەكانی ئەم تەوژمە بوو . یەكێكی تر كە بریتیبوو لە تەوژمێكی ئەقڵگەرایی ، واتە تەوژمێكی ئەقڵگەرایی لەئارادابوو ، كە موعتەزیلەكان ڕابەرایەتیان دەكرد و هەمیشە پرنسیپەكانی ئەقڵیان پێش دەقەكان دەخست .

موعتەزیلەكان (مأمون)یان بەوە قەناعەت پێهێنا كە قورئانی پیرۆز كەلامی خودا نیە ، بەڵكو دروستكراوی خودایە . كومەڵە فەیقە و زانا و فەرموودەبێژێكیش بەرەنگاری ئەم ڕەوشە هزریە بوونەوە و ئەوەیان ڕەتكردەوە ، كە بڵێن قورئان دروستكراوی خودایە (أحمد بن حنبل)یش بێگومان لێهاتووترین كەس بوو لەناو

[19] – ابن قيم الجوزيه : الصواعق المرسله ، حققه علی الدخيل ، گ٣ الرياچ، دار العاصمه، ١٩٩٨ ، چ٣ ص١١١٦


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەو زانا و فیقهانەدا کە ئەم بۆچوونەیان ڕەتدەکردوە ،[٢٠] بۆ ئەمەش وتی : ((قورئان وتەی خودایە و دروستکراو نیە ، ئەمەش خاڵێکی لاوازکردن نیە بۆ ئەوەی کە بڵێت قورئان دروستکراو نیە ، چونکە کەلامی خودا لەخودی زاتی خودا جودا نیە و بەشێکە لە خۆی ، هیچ بەشێکیش لە خودی زاتی خودا نابێتە دروستکراو)) .

دووەم: ألغزالي (٥٥٥ ك) :

ئەبو حامیدی غەزالی ، بە پێشەنگی ئەو زانا موسڵمانانە هەژمار دەکرێت کە بەرەنگاری فەلسەفە و لۆجیکی یۆنان بوونەوە . ئەم ڕەوشەش بە ڕوونی لە نووسین و پەرتووکەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە ، بۆنمونە پەرتووکی ( المنقزمن الچلال) ( تهافت الفلاسفه) ، لەم دوو پەرتووکەدا ئیمامی غەزالی هەڵمەتێکی فراوانی دژ بە فەلسەفە و فەیلەسووفان بەرپاکرد ، تاوەکو کار گەیشتە ئەوەی کە غەزالی بە ڕاشکاوانە هەلگرانی ئەو بیروبۆچوونانە بە کوفر ناوزەد بکات .

ئیمامی غەزالی باس لەوە دەکات کە فەیلەسووفەکان لەسەر یەك ڕاوبۆچوون نین و هەمیشە لە مقۆ مقۆ و کێشمەکێشمدان و یەك پێوەریش نیە بۆ یەکلایکردنەوەی مشتومڕ و کێشەکانیان و زۆرجاریش شێوازەکانیان لەیەکەوە دوورن . غەزالی دەڵێت : ( بابزانین کە ڕۆچوونە ناو مشتومڕ و باس و خواسی فەیلەسووفانەوە ، درێژ دادڕ و بێ سەر و بنە ، چونکە گوتار و قسەکانیان درێژن و لە کورتی نادەن ، ململانێکانیشیان هێندە زۆرن لەبن نایەن ، بیر و ڕاوبۆچوونەکانیشیان پەرت و بلاون ، ڕێگا و ڕێچکەکانیشیان دوور و دابڕاون لە یەکدی ) . ڕەخنەکانی ئیمامی غەزالی لەم تخوبانەدا لەنگەریان نەگرت ،[٢١] بەڵکو سەرتاپای کلتووری فەیلەسووفە یۆنانیەکان و بیروبۆچوونە فەلسەفیەکانی موسڵمانانی بەوە تۆمەتبارکرد کە پڕن لە هەڵە و گێرەشێوێنی و شپرزەیی و قسەلۆکی بێ سەروبەر .

ئیمامی غەزالی ئاماژە بەوە دەکات کە بۆچوون و ڕەوشی هزری فەیلەسووفان چەسپاو و جێگیر نین ، چونکە ئەوان هەمیشە پەنا دەبەنە بەر گومان و خەملاندن ، گومان و خەملاندنیش پرۆسە گەلێکن پشتیان پێ نابەسترێت و ناکرێ ببنە بنەمایەك بۆ لێکدانەوە و یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشانەی کە بە بواری ئیلاهیاتەوە وا بەستەگیان هەیە . غەزالی بۆخۆی فەیلەسووف و لۆجیکزان بووە ، بگرە لەلای هەندێك لە توێژەران بە مەزنترین و دیارترین فەیلەسووفی دونیای ئیسلام دێتە ژمار . ئەویش لەبەر ئەوەی بەرگریەکی بێ وێنەی لە پڕنسیپەکانی ئیسلام کردووە و لە نووسینەکانیدا کۆششی لە ڕادەبەدەری کردووە بۆ ڕامالکردنی پوچەڵیەکانی بواری فەلسەفەی یۆنانی و نەیهێشتووە ئەو چەوت و چەوێلانەی کە لە تیۆرە فەلسەفیەکانی یۆناندا هەن کاریگەری لەسەر بنەما پتەوەکانی ئیسلام دروستبکەن .

غەزالی زۆر بە لێهاتوویی توانی ئەو کۆت و بەندانە بشکێنێت کە فەلسەفەی یۆنانی لەسەر بنەمای هزری ئیسلامی لەو ئان و زەمانەدا دروستیکردبوو . کۆششەکانی غەزالی بە قەڵبەزەیەکی مەزنی بواری فەلسەفەی ئیسلامی هەژماردەکرێت کە پێوەرگەلێکی بوێرانەی لە بواری فەلسەفەی ئیسلامیدا دارشت و توانی بەر

---

[٢٠] . عبدالحليم محمود' الفلسفه، مجله البحوپ الاسلاميه. العدد الخامس من المحرم إلى جمادى الثانية لسنة ١٤٠٠هـ > من أبحاث هيئة كبار العلماء .ج٥،ص ١٢٩.

[٢١] –الغزالي.محمد،تهافت الفلاسفه،ترجمه فارسي:د.على اصغرى حلبى،انتشارت جامى ،گ یەکەم تهران١٣٨٢،ص ١٨


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەشالاْوی فەلسەفەی یۆنانی بگرێت و پوچەلْی و گەندەلْیەكانی بۆ مرۆڤی موسلْمان ئاشكرابكات . لەم بوارەشدا غەزالی پێشەنگ بوو ، شتی تازە و نایابی هێنایە گۆڕێ و شێوازی تازە و ناوازەی لەم پرۆسەیەدا بەكارهێنا و زۆر زانیاریشی خزاندە ناو چێوە هزریەكانی فەلسەفە و لۆجیكەوە كە پێشتر كەس لای بەلادا نەكردبوونەوە . [٢٢]

سێیەم: ئیمامی نووی(فیقهی شافیعی):

ئەم زانا شافعیە پێی وایە كە زانستی فەلسەفە لەو زانستانەیە كە خوێندنی جایزنیە ، وەك زانستی سیحر وئەستێرە وایە.[٢٣]

ابن الجوزی:

ابو الفرج عبدالرحمن بن الجوزی البغدادی ( ت ٥٩٧ھ) . هەروەكو زاناكانی دی ئەهلی سونەت ، پێیوابوو كە فەیلەسووفە موسلْمانەكان لار و لەوێریەكی زۆر و زەبەن ڕووی لە بیروبۆچوون و نووسینەكانیان كردووە ، ئەویش لەبەر پەیڕەوكردنێكی كوێرانەی تیۆرە فەلسەفیەكانی یۆنان ، ئەو پێیوابوو كە شەیتانی لەعین فەیلەسووفە ئیسلامیەكانی دووچاری شپرزەیی و سەرلێشێواوی كردووە و لە ڕاستە شەقامی هیدایەت لایداون و گومڕای كردوون . لەم بوارەشدا دەفەرمووێت : ( ئیبلیس توانی فەیلەسووفەكان تووشی شێواوی و گومڕایی بكات ، ئەویش لەو ڕوگەیەوە كە ئەو فەیلەسووفانە تەنها پشت بە بیرو ڕاوبۆچوونەكانی خۆیان دەبەستن و قسە و وتەكانیشیان بەپێی گومان دەدركێنن ، بەبێ ئەوەی ئاوڕ لە سروشتی پێغەمبەران بدەنەوە ) . لەمەشەوە بۆمان دەردەكەوێت كە فەیلەسووفەكان گومڕا بوون و ڕێگاكەیان وێلكردووە ، خەلْكانی دیكەشیان بەرەو گومڕایی پەلكێش كردووە ، زەرەر و زیانێكی زۆریان هێنا ، هەروەها زۆریان فاش كرد و هیچ سوودێكیان پێشكەش نەكرد[٢٤] .

چوارەم: ابن الصلاح ( ت ٦٤٣ھ):

بەگشتی هەندێك فەتوا لەو ئان و زەمانەدا بەدەركەوتن كە ڕۆلێكی گرنگیان لە ڕەواندنەوەی خەلْكی بینی لە توێژینەوە و فێربوونی زانستەكانی فەلسەفە و لۆجیكی یۆنانی . ئەم ئەركەش لەلایەن چەند زانایەكەوە ئەنجامدرا ، یەكێك لەوانە ( كمال الدین الوصلی ابن الصلاح الشهرزوری بوو(ت ٦٤٣ھ) كە فەتوایەكی دەركرد بۆ پالْپشتیكردنی هەلْوێستی سەرقالْنەبوون بە زانستەكانی فەلسەفەوە ، بەتایبەتی فەلسەفەی یۆنانی ، بێگومان ئەم فەتوایە و فەتوایە هاوشێوەكانی دی ڕۆلێكی گرنگیان لە ڕامالْكردنی شالاْوی فەلسەفە و لۆجیكی یۆنانی گێڕا . ئەم زانایە كاتێك كە پرسیاری دەربارەی فەلسەفە و خوێندنی لۆجیك لێدەكرا ، وەلاْمی دەدایەوە و دەیوت كە فێربوون و فێركردنی فەلسەفە حەرامە ، جگە لەمەش فەیلەسووفەكانی بەگشتی بە كافر لەقەلْەم دەدان ، جا چ یۆنانی بن و چ ئەوانەشی كە خۆیان بە موسلْمان دادەنێن لە پرسیارێكدا كە لەناو كۆڕی موسلْمانان و ئەهلی تەسەووفدا ئاڕاستەی كرا و پێی وترا.

---

[٢٣] – علال،خالدكبیر،مقاومەأهل السنە للفلسفە الیونانیە،گ دارالمحتسب ،ریاچ.٢٠٠٨. ص٢٥

[٢٤] – ابن الجوزی البغدادی : تلبیس إبلیس ، الدراسە والتحقیق والتعلیق د. السید الجمیلی ، دار الریان للتراپ – مصر ، ص ٥٩


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەروەها ابن الصلاح وتویەتی کە فەلسەفە ئەوپەڕی پووچەڵی و لاوازیە و هەوێنی حیرەت زەدەیی و گومڕاییە و ئەنگێزەیەکە بۆ لادان و زەندەقە ، هەرکەسێکیش ببێتە فەیلەسووف ، ئەوا دووچاری کوێری وکەم بینینی بۆ شەریعەتی خودا دەبێت . شەریعەتی خوداش بە بەڵگەی ڕاست و دروست و واژی ئاشکرا پاڵپشتی کراوە ،[٢٥] لەبەرئەوەی هەریەکێك فێری فەلسەفە ببێت و ئەوانی دیکە فێربکات ، ئەوا نوشوستی و پەشێوی دەبێتە یاوەری و شەیتان دەستدەگرێ بەسەر دڵ و دەروون و مێشکیدا .

پێنجەم: ابن تیمیە:

یەکێك لەو زانا لێهاتووانەی دونیای ئیسلام کە بەرەنگاری تەوژمی فەلسەفە و ڕەوشە هزریەکەی بوونەوە بە توندی ، زانا ( تقی الدین ابی العباس احمد بن عبدالحکیم بن عبدالسلام ابن تیمیە الحرانی الدمشقی – ٧٢٨ ھ) بوو ، کە زۆرێك لە نووسینەکانی خۆی بۆ ڕەتکردنەوەی قسەلۆکەکانی فەلسەفەی یۆنانی تەرخانکردووە . جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە فەلسەفە و لۆجیکی یۆنانی کاریگەری نەرێنی بەسەر بیرو باوەڕ و عەقیدەی مرۆڤی موسڵماندا هەیە ، ابن تیمیە لەم سۆنگەیەوە لە نووسینەکانیدا ئاماژەی بۆ گومڕایی و پوچەڵیەکانی کردووە و لە نووسینەکانیدا ئەم ئەرکەی گرتە ئەستۆ . بۆنمونە (درو تحارج العقل و النقل) ( الرد علی المنگقین ) ( نقچ المنگق ) ( الرسالە التدمریە ) ( الرسالە العرشیە ) ( رسالە الرد علی عقائد الفلاسفە )....هتد . بەمشێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە ابن تیمیە لە غەزالی و لە ابو محمد علی بن حزم الظاهری(ت ٤٥٦ھ) بە گوڕتر و توندتر بەرپەرچی فەیلەسووفەکانی دایەوە و بگرە لەوانیش سەرکەوتووتر بوو لەو هەڵمەتەی کە دژ بە زانستی کەلام و فەلسەفەی فەیلەسووفانی ئیسلام بەرپایکرد .[٢٦] ابن تیمیە بوێرانە توانی ڕەتی ئەو شالاوە فەلسەفیەی ئەوکاتە بداتەوە کە بە زمانێکی زبر و توند و یەکلاکەرەوە و بەشێوازێکی زانستی بێ غەل و غەش زەرەر و زیانەکانی ئەو تەوژمە فەلسەفیە نمایان بکات و هەروەها بانگەشەی دەکرد بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو ڕێگا و ڕێچکە ڕاست و دروستانەی کە (سەلەفی صالح) پێشینەی چاکەکار پەیڕەویان لێکردووە .

شەشەم: ابن قیم الجوزیە (ت ٧٥١ھ):

ابن قیم الجوزیە هەروەکو شێخەکەی خۆی ابن تیمیە ، بونیادەکانی فەلسەفەی یۆنانی ڕەتکردەوە . ئەویش لەبەر ئەو پوچەڵی و گەندەڵیەی کە لە توێیانی گرتبوو ، ئەم زانایە هەڵوێستەکانی خۆی سەبارەت بە فەلسەفە و لۆجیکی یۆنانی خستەڕوو ، لەزۆر پەرتووك و نووسینەکانیدا زەرەر و زیان و خەوشەکانی خستەڕوو . بۆنمونە ( مفتاح دار السعادە و نپور ولایە اهل العلم و الارادە ) و ( اغاپە اللهفان من مصائد الشیگان ) و ( القصیدە النونیە المسماە الکافیە الشافیە فی الانتصارللفرقە الناجیە ) و ( الصواعق المرسلە علی الجهمیە و المعگلە ).[٢٧]....هتد .

---

[٢٥] –علال،خالدکبیر،مقاومەأهل السنە للفلسفە الیونانیە،گ دارالمحتسب ،ریاچ،٢٠٠٨،ص٢٠

[٢٦] –) ابن تیمیە : مجموعە الرسائل الکبری ، یگلب من مکتبە ومگبعە محمد علی صبیح وأولادە الٔزهر – مصر ، جـ ١ : الرسالە الٔولی : الفرقان بین الحق والباگل ، ص ١٠٧ .

[٢٧] –ابن قیم الجوزیە : الصواعق المرسلە ، حققە علی الدخیل ، گ٣ الریاچ، دار العاصمە، ١٩٩٨ ، ١١١٥


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ابن قيم الجوزيه لەو باوەڕەدابوو كە ئیبلیس توێژێكی لە خەڵكی فریوداوە ، كە فەیلەسووفەكانن و وایانی پێنیشانداون كە فەلسەفە گوزارشت لە ڕاستەقینەیەكی ڕەها دەكات و لۆجیكی یۆنان بە تەرازووی چەمكەكان لەقەڵەم دەدات ، لەم بوارەشدا دەڵێت : شەیتانی لەعین فەیلەسووفەكانی فریوداوە ، هەڵیانی خەڵەتەندووە و لە سنوورەكانی ئایین دەریانی هێناوە ، زاریانی بەوە تەڵقین داوە كە بڵێن وتەكانی خودا و پێغەمبەر تەنها دیاردەی زارەكین و پەیوەندیان بە ڕاستەقینەوە نیە ، جگە لەوەش ئیبلیس وای تێگەیاندوون كە بەڵگە بێ یەك و دووەكانی ئەقڵ و ئاوەز و سەلمێنراوە ڕاست و دروستەكانی وا لە تویی فەلسەفە و پرۆگرامەكانی لۆجیك و زانستی كەلامدان .

-زانایانی ئەهلی سوننەت و ڕەهەندی فەلسەفی لە باشووری كوردستان :

هۆكاری نەبوونی ڕەهەندی فەلسەفی لە كوردستانی باشوور :

١-نەبوونی دەوڵەت وسەربەخۆیی باشووری كوردستان .

بوونی فەلسەفە پەیوەندی بەبوونی دەوڵەت و گەشەكردنی كومەڵەوە هەیە ، فەلسەفە پرسیاری بنچینەیی گرنگ دەخاتە ڕوو ، بیری مروڤ دەبزوێنێ ، كومەڵ دەهەژێنێ ، بیری فەلسەفی هەمووشتێك دەخاتە بەر پرسیار و تیشكی گومانەوە ، بڕوای ئایینی ڕێگەی گومان نادات ، كورد ، كەدەوڵەتی ناوەندی نەبووە٬ئەمەش مەرجێكی گرنگە لەمەرجكانی دروستبوون وسەرهەڵدانی فەلسەفە . سەرۆك هۆز و كوێخای گوند ، ڕەنگە پێیان باش بووبێت"بەیت بێژیك"یان"ستڕانبێژێك ، لەوناوە بێت بوساف كردنی هەوای دەماخ ، بەڵام "فەیلەسوف" لە شار و شارۆچكەكاندا نەبوونە و بێگومان شارستانی ڕێگەی چەكەرەكردنی بیردەدات ، بەڵام كە دەوڵەت نەبوو پاشماوە وسامانی"بیروەران" بپارێزێ و هانی خەڵك بدات بۆ بەرهەمهێنانی "بیرێكی دیاریكراو"بیری فەلسەفیش لە هیچەوە نایەتە كایەوە ، دەوڵەت گەر بیەوێ ڕێگەی گەشە كردنی فەلسەفە دەدات بۆ كەسانی خاوەن بیر ، بیروباوەڕی خۆیان دەربڕن .كورد بەبێ ئەوەی دەوڵەتی هەبێ ، فاكتەری ئایینی بەكارهێناوە بۆ زیاتر خۆجیاكردنەوە لەگەڵ گەلانی تردا . بەڵام ئایین نەبوەتە ئامرازێكی سیاسی(هزر وفەلسەفی) وەكو شیعەگەری.... زۆربەی زۆری دانیشتوونی كوردستان بە (تایبەت باشوری كوردستان)،سونی-شافیعین!واتە ؛كوردستان لە دوڕگەیەكی سونەی_شافیعی دەچێ...... مامۆستاشێخ محەمەدی خاڵ پێی وابووە ، قوتابی وخوێندكارانی كورد لەسەردەمی كۆندا لە بەغدا خوێندویانە ، مامۆستای قوتابخانەكان سونی- شافیعی بوون. لەڕێگەی ئەوانەوە مەزهەبی شافیعی بەكوردستاندابڵاوبوەتەوە. من وەرگرتنی مەزهەبی شافیعی لەلایەن زۆربەی دانیشتوانی كوردستانەوە ناگێڕمەوە بۆ ڕێكەوت ، بەڵكو بۆسروشتی كۆمەڵی كورد و شێوە و بنكەكانی مەزهبی شافیعی ، ئەم قوتابخانەیە بەشێوەیەكی سەرەكی بۆ داڕشتنی بڕیار پشت بە فەرمودەكانی پێغەمبەرو(حدیس)و قورئان دەبەستێ ، مەزهبی حەنەفی وانیە (ئەبوحەنەیفە)بڕیارەكانی لەسەربنەمای (رأی وقیاس)داناوە ، بە كورتیەكەی شەقڵی ژیانی شار و بیری شارستانی كاری تێكردووە ، قوتابخانەی شافیعی ، لەنێو دانیشتوانی دەشت و لادێدا زیاتردەنگی داوەتەوە ، كوردستانیش ئەوسەردەمە ، بازێری مەزن و ئاوەدانی گەورەی تێدانەبووە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

وخـــەڵك زۆربـــەیان کوچـــەربوون و مەڵبەنـــدە ئاوەدانـــەکانیش لـــەبن کـــارتێکردنی بـــیر و پەیوەنـــدی خێڵەکایەتیدابوون.[٢٨]

٢-خودی کوردی لە باشووری کوردستان خۆی نەخزاندۆتە نێو سیستەمی فیکری و مەعریفی.

خود و شوێن خودی کوردی تا ئەم دواییەش ڕەنگدانەوەی تۆبۆگرافیای عاسێی کوردستانی لەسەر هەبووە . ئـەو تۆبۆگرافیایە بواری بۆ بە فیدراسیۆن بوونی کۆمەڵگەی کوردی تەنگ کردبۆوە و هەربۆیەش بە یەکنەگەیشتنی گروپـە کۆمەڵایـەتی و ئۆرگانـەکانی تێکـەڵی یـەکتر نـەبوون و ئـەو دۆخـەش بـواری نـەداوە فیکـری کـوردی لـە ڕووبەری ناوچە و هەرێمی بچوك بچوك تێبپەڕێنێ ، خۆی نەخزاندۆتـە نێـو سیسـتەمی فیکـری و مـەعریفی و مەعریفەی تایبەت بە کایە جیاجیاکانی ژیانی بەرهەم نـەهێناوە . خـودی کوردی هەمیشە لـە جەنگێکدا ژیـان دەباتـە سـەر لـەنێوان بەشـی ڕوونـاك و تـاریکی خۆیـدا . (مـن)ی کـوردی هـیچ کاتێـك سـوڵح لـەنێوان ئـارەزووە غەریزییـە کپکراوەکـان و ویـژدانی زیندوویـدا ناکـا ، بـەڵکو هەمیشـە بەشـە تاریکەکـە دادەپەڵۆسـێ ،( فرۆیـد ) وتـەنی لـەپێناو ڕازیکردنـی بـەردەوامی دابونـەریت و بـەهاکانی دەرەوەی خۆیـەتی . خـودی کـوردی جگـە لـە پەڕینەوەی بۆ میتافیزیك بەردەوام خۆی کردووە بە کارەکتـەرێکی چالاکی دەقـەکان و هەمیشە دەسـەڵاتی ئـەو دەقانەی لەسەر هەبووە بە مانا کەسێك بووە کەسێتیی سـەلبکراو بـووە . هـەردەم خـودی بـە پێـوەری عـورف و تەقالید گرتووە ، لەو حاڵەتەدا خودی کوردی نە لێکدەرەوە بووە نە بیرکەرەوە و زیاتر کارەکتـەرێکی دەمامکـدار بـووە . هەمیشـە بەدەسـت مەرجەعـە کۆمەڵایەتیـەکان ناڵاندوویـەتی و لـە پرۆسـەیەکی بـەردەوامی کوشـتنی هێماکانی تاریکی خود-دا بووە [٢٩] .

٣-ڕێبازی زانایانی ئەهلی سوننەت لەجیهان بینی(عقیدە) دا.

زانیانی ئەهلی سوننەت لە باشووری کوردستان دابـەش دەبنـە سـەر دووبـەش ، بەشـێکیان پـەیڕەوی لـە ڕێبـازی سۆفیگەریی وتەریقەت دەکەن و چەندەها خانەقا و تەکیە لە باشووری کوردستان بوونیـان هەیـە بەتایبـەت لـە شاری (بیارە)کە بـە سـەنتەری تەسـەوف و تەریقـەت دادەنرێت لەباشووری کوردسـتان ، لەکاتێکدا لـە تەسـوف (کەشف وشهود) سەرچاوەی زانین و مەعریفین ، بەڵام من وا دەبینم کـەمترکار لەسـەر ئـەم بـوارە کـراوەو زیـاتر گرنگی بە ڕەهەندی خواپەرستی دراوە بە تایبەت (زکـر وخلـوت) ،کەچـی ڕەهەنـدە فەلسـەفیەکە کـاری لەسـەر نـەکراوە ، کەواتـە زۆربـەی زانایـانی ئـەهلی سـوننەت لـە باشـووری کوردسـتان لـەجیهان بینی(عقیـدە) دا سـەربە قوتابخاتەی (ئەشعەریین).واتە لەبابەتی بیروباوەڕدا پەیڕەوی لە دید و بۆچونی (ئەبوالحسن الاشعری) [٣٠]دەکەن ، کـە ڕێبـازێکی کەلامیـە ، واتـە بایـەخ بـە بـواری ئاوازگـەرایی دەدات چـونکە ئـەو ڕیبـازە کەلامیـە بـە میـانڕەوی (الوسگیە) لە نێوان موعتەزیلە و ئەهلی حـەدیس دەناسـرێت( کـەوا پێناسـە کـراوە (گروپێکـی کەلامیـە سـوودلە (عەقل) ئاواز وەردەگرێت بۆ شی کردنەوەی تێکستەکانی(کتاب والسنە) بە مەبەستی گونجاندنی قـرأن وسـوننەت

[٢٨] جەعفەر،ماموستا،میزووی بیری کوردی. جاب دەزکای جاب وبەخشی حەمدی، سلیمانی سال ٢٠٠٩،ص٢٧و٣٢و٤٢

[٢٩] – حسین .محەمەد گە، نووسینی سبی،لەبلاوکراوەکانی لیکۆلینەوەی فیکری وئەدەبی نما. ج یەکەم،٢٠١٢،لا ٣٧

[٣٠] – لإمام أبو الحسن علی بن إسماعیل الٔشعری ولد بالبصرە سنە ٢٦٠هـ وسکن بغداد وتوفی بها سنە ٣٢٤هـ )


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەگەڵ عەقل بەتایبەت لە بواری بیروباوەڕدا(عقیدە).[٣١] بە پێچەوانەی ئەهلی حەدیس کە تەنها پەیڕەوی لە قورئان وسوننەت دەکەن و عەقل ملکەچ دەکەن بۆ قورئان و سوننەت ، واتە لەو ڕێبازە عەقل جێگای خۆی هەیە و زۆر ڕێزی لێگیراوە ، پێویستە سوودی لێ وەربگرن بەلاَم بۆچی زانایانی ئەهلی سوننەت لە باشووری کوردستان پەڕەیان پێ نەداوە و لە گوتاری خۆیان بە کاریان نەهێناوە و نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی لە نێو کایەی مەعریفیدا بچێتە نێو بواری ئیجتیهاد و پشکنینی نهێنی نێو دەقە پیرۆزەکان ، ئەگەر وانیە کوا لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا ، میتۆدێکی تەئویلی و شیکاری بۆ دەقە ئایینیەك.

٤-پەیڕەوی کردن لە ڕێچکەی ئیمامی شافیعی لە فیقهدا.

بێگومان هەموو زانایانی ئەهلی سوننەت لە باشووری کوردستان(شافعی)مەزهبن و لە بازنەیدا دەرناچن ، لە هەموو حوجرە و قوتابخانە ئایینیەکان ڕێبازی شافعی لەوانە سەرەکیەکاندا دەخوێندرێن و خوێندکاری ئایینی لەسەر ئەم مەزهبە پەروەردە دەکرێن ئەگەر سەیری کتێبخانەی مامۆستا ومەلاکان بکەی دەبینی زۆربەی کتێبەکانیان سەر بە مەزهبی شافعیە ، بە تایبەت کتێبەکانی ئیمام (نووی ، و ئیبن حجر . و سبکی ... و هتد ) ئەم زانایانە موجتەهیدن و لە مەزهبی شافعین کە فەلسەفەیان پێ حەرامە ، لەم ڕوانگەوە پەیڕەوانی شافیعی تێڕوانینی زۆر ئەرێنیان هەیە بۆ فەلسەفە ، کە ئەمەش بۆتە هۆیەك بۆ دووركەوتنەوەی زانایانی ئەهلی سوننەت لە ڕەهەندی فەلسەفی بۆ نموونە ، (غەزالی وئیبن سەلاح شهرزوری وئیمام سبکی) کە ئەم زانایانە سەر بە ڕێبازی ئیمام شافعین زۆر بە توندی فەلسەفەیان ڕەت کردووەتەوە پێیان وابووە خۆ خەریك کردن بە فەلسەفە حەرامە وجایزنیە[٣٢].

-تێڕوانینی هەندێك لە پسپۆڕانی زانستە ئیسلامیەکانی باشووری کوردستان بووە هۆی دورکەوتنەوەی زانایانی ئەهلی سوننەت لە ڕەهەندی فەلسەفی :

من پێم باش بوو لەم توێژینەوەیەدا چەند دیمانەیەك سازبکەم لەگەڵ شارەزایانی ئەم بوارە سەبارەت بە تێڕوانینیان دەربارەی هۆکاری دورکەوتنەوەی زانایانی ئەهلی سوننەت لە ڕەهەندی فەلسەفی لە باشووری کوردستان ، ئەگەرچی بیرواڕای جیاوز هەن ، بەلاَم دیمانەی (د. حسن موفتی) پێم وایە زۆر بەباشی ئاماژەی بە ڕەوشی عەقلانیەت کردووە لە لای زانایانی ئەهلی سوننەت لە باشووری کوردستان بۆیە بە باشم زانی دیمانەکەی (د.حسن) بە تەواوی ئاماژە پێ بکەم ، چونکە دڵنیام زۆر بە سوود دەبێت بۆ ئەم توێژینەوەیە ، جێی ئاماژە پێکردنە هەندێك کەس زۆر بە لایانەوە سەیر بوو کە من توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە دەکەم من هیچ کات ئەو لەبیرناکەم کە مامۆستایەکی ئایینیە و دەکتۆرای هەیە کاتێك پرسیارم لێکرد دەربارەی فەلسەفە پێی وتم تۆ (شێت و کافر نەبووی) فەلسەفە دەخوێنی ، من هیچ وەڵامێکم نەداوە ، گاڵتەی بە فەلسەفە دەکرد ، بۆیە دیمانە سازکردن زۆر گرنگ بوو بۆ ئەم توێژینەوەیە .

---

[٣١] –سبحانی. جعفر،الملل والنحل،http://tohid.ir/fa/persian/book?book ج ٢ ص ٣٣وبڕوانە الدررالسنیە)موسوعە الفرق،الباب الپالپە، فرقە الاشاعرە. http://www.dorar.net

[٣٢] –الگویل.احمد،قصە النزاع بین الدین والفلسفە.نشر:الهیئە المصریەالعامە للکتاب،الگبعەالاولی.٢٠١١،ص١٢٤


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١- پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. اسماعیل قەرەنی (ماموستا لە کولێژی زانستە ئیسلامیەکان لە زانکویٚ سەلاحەدین:
پێی وایە فەلسەفە هیچ سوودێکی نیە و موسڵمانان پێویستە خۆیان لە فەلسەفە بە دور بگرن چونکە ئێمە خاوەنی (قرأن والسنە) ین و هەر کاتێك فەلسەفە بێتە نێو موسڵمانان دەبێتە مایەی گومڕایی و تفرقە و جیاوازی ، چونکە ئێمە پێویستیمان بە بیروڕای ئەرستۆ و ئەفلاتون نیە ، و غزالی زۆر بەباشی وەڵامی فەیلەسوفەکانی داوەتەوە لە کتێبی (تهافت الفلاسفە) کە واتە فەلسەفە زەرەی هەیە نەك سوود .
٢- د. محمد شریف سەرۆکی کۆڕبەندی فکری ئیسلامی لە کوردستان :
پێی وایە بازنەی ئەهلی سوننەت زۆر فراوانەو شوێنی موعتەزیلە کە عەقل گەران و ئەشعەری و ئەهلی حەدیس دەبێتەوە ، بۆیە دەکریٚ بڵێین کە فەلسەفە لەلای ئەهلی سوننەت بەگشتی زۆر خۆشەویست نەبووە ، بەڵام بەکارهێنانی عەقڵیان ڕەت نەکردوەتەوە تەنها (سەلەفییەکان) نەبێت کە ئەوان بە حەرامی دەزانن بەڵام هیچ کەس ناتوانێت خۆی بیٚ بەهرە بکات لە عەقلٚ بۆ نموونە سەلماندنی خودا بابەتێکی عەقڵیە بۆیە ئەم باسە باسێکی عەقڵی وفەلسەفیە .
-ئایا غزالی ڕۆلی هەبووە لە دورکەوتنەوەی ئەهلی سوننەت لە فەلسەفە ؟
نەخێر بە پێچەوانەوە ، رەخنە لە غەزالی گیراوە کە زۆر خۆی سەرقالی فەلسەفە کردوە ، بەڵام غەزالی ئەو دید و بۆچونانە رەت دەکاتەوە کە لەگەڵ ئیسلام ناگونجێن ، بە تایبەت بیروڕای ئەرستۆ سەبارەت بە خودا .
٣-د. موحسین پرۆفیسۆر لە بواری مێژووی ئیسلامی :
ئاماژە بەوە دەکات کە لە سەرەتاوە دەسەڵاتدارە سوننەکان دەرفەتیان نەدەدا هیچ کەس لە دەرەوەی (قرأن وسوننەت) ئیجتهاد بکات ، چونکە موجتەهید بۆ بەرژەوەندی دەسەلاٰت ئیجتهاد ناکات و هەر زانایەکیش ئیجتهادی بکردایە تاوانباریان دەکرد بە ئیعتزال بۆ نموونە( ئیمام ابوحنیفە) یەکەمین کەس بوە کە دەستی کردوە بە ئیجتیهاد، بۆیە دەبینین لەلای دەسەڵاتەوە ئازاردراوە .
٤- د.حسن موفتی کە پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە فیقهی ئیسلامی لە زانکۆی سەلاحەدین ، ئاماژە بەوە دەکات کە : لە کۆنەوە بێگومان تەفسیری جیاجیا کراوە بۆئەم بابەتە .
پ – ئایا فەلسەفە خوێندراوە یان علومی عەقڵی ؟
وەڵام// فەلسەفە بەشێکی گرنگی علومی عەقڵیە ، ئەگەر فەلسەفە (حب الحکمە) بێت ، ئەگەر فەلسەفە حیکمەت بێت ، کە بەو مانایە تفسیرکراوە یان گەڕان بەدوای حەقیقەت لە ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە ، ئیسلام نایەوێت ئیمان تەقلیدی بێت ، لە (أصول)ی دیندا ئیمانی تقلیدی وەرناگرێت لای جمهور کەوابوو دەبیٚ هەموو (موکەلەفێك) بگەڕێت بەدوای حەقیقەتدا ئەمەش حەقیقەتی فەلسەفەیە ، حیکمەت ناکریٚ وازی لیٚ بهێنرێت .
پ – کەوابوو بەدرێژایی مێژوو (بعد)بوعدی کلامی وعەقلاٚنی هەبووە لە کوردستان ؟
وەڵام// بەلیٚ بوونی هەبووە هەتاوەکو ئەمڕۆش بوونی هەیە ، بەڵام لەبەرئەوەی (غالب) بووە لەبەر (مەداریس)ی تر کە تحکومی کردووە بەسەر مەداریسی علومی شەرعی ، چونکە زۆربەی زۆری مەدرەسەکان مەداریسی تصوفی بوون ، لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان .

## دەرەنجام :

-فەلسەفە بریتیە لە چالاك كردنی مێشكی مرۆڤ ، بە مەبەستی بەرهەمهێنانی مەعریفە ، پێناسەی فەلسەفە لەلای فەیلەسوفە موسڵمانەكان جیاوازە ، بریتیە لە تەواو بوونی نەفسی مرۆڤ و گەیشتن بە كمال ئینسانی ، فەلسەفە ئامانج نیە بەڵكو هۆیەكە بۆ گەیشتن بە خودا .

فەلسەفەی ئیسلامی لە سەدەكانی ناوەڕاست پەیدابوو ، بە تایبەت سەردەمی عەباسیەكان ، كەگرنگی و بایەخیان زۆر بە وەرگێڕانی كتێبی فەلسەفی دا ، دواتر بووە سەرەتایە بۆ دەركەوتنی فەلسەفەی ئیسلامی .

-موعتزیلە بە یەكەمین گروپی كەلامی دادەنرێن كە ڕوویان لە فەلسەفە كرد و سوودیان لێ وەرگرت و عەقلگەراییان هێنایە نێوجیهانی ئیسلام .

-جیهانی ئیسلام دابەش بوو بۆ سێ گروپ بەرامبەر بە فەلسەفە (موعتزیلە ، ئەهلی سوننەت ، ئەهلی تەصەووف ) ئەهلی سوننەت بەڕاشكاوی دژایەتی خۆی بۆ فەلسەفە ڕاگەیاند ، لە سەر زمانی زانایانی وەك(احمدبن حنبل، ابن صلاح شهرزوری، ابن تیمیە). بەڵام ئەهلی تەصەووف فەلسەفەیان رەت نەكردوەتەوە .

- بوونی فەتوای زۆر توند و سوتاندنی كتێبی فەلسەفی لەلایەن زانایانی ئەهلی سوننەت دەسەڵاتی ئەو كات بوەتە هۆی ئەوەی كە تەوژمی فەلسەفی زۆر لاواز بێت بەتایبەت كوشتنی سەهرەوەردی خاوەنی قوتابخانەی ئیشراقی فەلسەفی ،

- ئیمامی غەزالی زۆر كاریگەری نێگەتیڤی هەبوو لەسەر هزری فەلسەفی بە تایبەت كتێبەكەی (تهافت الفلاسفە) .كە ئاماژە بە دەرچوونی فەیلەسوفەكان دەكات لە بازنەی ئیسلام .

-لە كوردستانی باشوور فەلسەفە بوونی نەبوو ، زیاتر سۆفیگەری رەواجی هەبووە ، ئەگەرچی لە حوجرەی مزگەوتەكان زانستی كەلام خوێندراوە بەڵام تەنها بۆ عەقیدە بوو نەك دەوڵەمەندكردنی هزر و بیركردنەوە و زانایانی ئەهلی سوننە لە باشووری كوردستان زۆر كاریگەرن بە ئیمامی غەزالی و ئیمامی نووی ئەم دوو زانایەش زۆر بە توندی فەلسەفە ڕەت دەكەنەوە .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سەرچاوە عەرەبی:

-اورمسون، الموسوعة الفلسفية المختصرة،ترجمة فؤاد كامل واخرون.

ابن خلدون : المقدمة ، ط٥ ، بيروت دار القلم ، ١٩٨٤ .

ابن النديم : الفهرست ، بيروت ، دار المعرفة ، ١٩٧٨.

- ابن الجوزي البغدادي : تلبيس إبليس ، الدراسة والتحقيق والتعليق د. السيد الجميلي ، دار الريان للتراث – مصر .

ابن قيم الجوزية : الصواعق المرسلة ، حققه علي الدخيل ، ط٣ الرياض، دار العاصمة، ١٩٩٨.

-) ابن تيمية : مجموعة الرسائل الكبرى ، يطلب من مكتبة ومطبعة محمد على صبيح وأولاده الأزهر – مصر ، جـ ١ : الرسالة الأولي .

-الوردي،علي ،منطق ابن خلدون.داركوفان للنشر،لندن،الطبعة الثانية سنة ١٩٩٤،ص ١٧٩

. عبدالحليم محمود' الفلسفة، مجلة البحوث الاسلامية. العدد الخامس من المحرم إلى جمادى الثانية لسنة ١٤٠٠هـ > من أبحاث هيئة كبار العلماء .

-كولر.جون،الفكرالشرقي القديم،ترجمة:كامل يوسف حسن،مراجعة:امام عبدالفتاح امام. سلسلة عالم المعرفة،١٩٩٥

-الطويل.احمد،قصة النزاع بين الدين والفلسفة.نشر:الهيئة المصريةالعامة للكتاب،الطبعةالاولي.٢٠١١.

- شيرازي، ملاصدرا،الاسفارالعقليةالاربعة. قم :منشورات مصطفوى طبع.١٣٧٦.

-صليبا،جميل،تاريخ الفلسفة العربية.بيروت دارالكتب اللبناني،ط ١٩٨١.

علال،خالدكبير،مقاومةأهل السنة للفلسفة اليونانية،ط دارالمحتسب ،رياض.٢٠٠٨.

- د. محمد خليل ، صبري ، مقدمة في علم الكلام و التصوف و الفلسفة الاسلامية ، الناشر: دار جامعة الخرطوم للنشر.(مقتبسامن هذا الموقع ( http://www.sudaneseonline.com

سەرچاوەی کوردی:

جەعفەر،ماموستا،میژووی بیری کوردی. چاپکردنی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ، سلێمانی ساڵی ٢٠٠٩.

- حسین .محەمەد گە، نووسینی سبی،لەبڵاوکراوەکانی لیکۆڵینەوەی فیکری وئەدەبی نما. ج یەکەم،٢٠١٢.

-هاوژین مەلائەمین،دەروازیەك بوئاشنابون بە زانستی کەلام،چاپخانەی ،دهۆك.٢٠١٠.

سەرچاوەی فارسی:

-الغزالی.محمد ، تهافت الفلاسفه،ترجمه فارسی:د.علی اصغری حلبی،انتشارت جامی ،گ یەکەم تهران١٣٨٢.

سروش، عبدالکریم. علم چیست ، فلسفه جیست ، انتشارات حکمت ، گ اول .

-برهیه،أمیل،تاریخ فلسفه قرون وسگی ودورەی تجدد، ترجمه وتلخیص. یحی مهدوی،چ انتشارات خوارزمی-تهران.س ١٣٧٧.

- گفتوگوی حامد زارعی به سیدحسین نصر ، دەرباری(فلسفەوحکمت ئیسلامی أزأغازتابەأمروز ماهنامه مهرنامه ،ماه أبان /١٣٨٩.

**ئەنترنێت:**


-سبحانی. جعفر،الملل والنحل، http://tohid.ir/fa/persian/book?book وبڕوانە

(الدررالسنيه)موسوعه الفرق،الباب الپالپه، فرقه الاشاعره. http://www.dorar.net

- میزگرد فلسفه‌شناسی / با حچور ایت الله محمدتقی مصباح یزدی، ایت‌الله حسن ممدوحی، و استاد غلامرچا ف19 -http://marefatfalsafi.nashriyat.ir.

- -سعیدی مهر،د.محمد،معناومفهوم فلسفه دراسلام،مجله أيينه معرفت،سایتی ( wwwnoormags.com




e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## الملخص

هذا البحث يتناول أسباب ابتعاد أهل السنة عن اللفلسفة بشكل عام، وخاصة الفلسفة اليونانية ، خلال العصر الإسلامي، بما أن الفلسفة عبارة عن البحث عن المعرفة او البحث عن اصل الاشياء ة وتعتبرمن العلوم المهمة في مجال الفكر والتقدم والتجديد للخطاب الديني، و اقصد بالفلسفة اليونانية ، كل التراث اليوناني الذي ترجم إلى اللغة العربية ، مع ما أضافه إليه الفلاسفة المسلمون و أهل الكتاب في العصر الإسلامي ، من شروح و تلخيصات ،و زيادات و إثراءات ، .حيث انقسم المسلمون إزاء علوم الأوائل - أو العلوم الدخيلة وبخاصة الفلسفة والمنطق اليونانيتين - إلى فريقين: أحدهما مؤيد لها والآخر معارض. ويرجع ذلك إلى أن الفريق الأول يعتقد أنه من الممكن الاستفادة من الفلسفة والمنطق اليونانيتين في فهم كثير من مسائل العقيدة الإسلامية، ومن ثم يمكن التوفيق بينهما وبين الدين، ومن هذا المنطلق وجد الفريق المعارض أن للفلسفة والمنطق اليونانيتين خطراً على العقيدة ، ومما زاد قناعة هذا الفريق برأيه أن إقدام تلك الفئة التي انبهرت بفلسفة ومنطق اليونان انزلقت إلى الهاوية بسبب الانشتغال بهما . ومن هنا كان ضروريًا في رأي هذا الفريق رفضهما والعمل على الحد من انتشارهما وتداولهما في ديار الإسلام التي لا تقبل تلك الاراء الفلسفية المخالفة للعقيدة الاسلامية بزعمهم ، لقد وجد اشخاص من المسلمين المعارضين لفلسفة اليونان ومنطقهم ما يجعلهم يطالبون " باستبعادها واتهام أصحابها بالكفر والزندقة، ، و كانت لبعض علماء أهل السنة ردود قوية على الفلاسفة م ، منهم : احمد بن حنبل ، الفقيهةمحمدالغزالي ،عبد الرحمن ابن الجوزي ، ابن الصلاح الشهرزوري .و ابن تيمية وتلميذه ابن القيم الجوزي.. واخرون،ومن هذا المنطلق سار اكثرعلماء السنة وهم من المذهب الشافعي في كوردستان العراق الى التصدي للفلسفة اليونانية واعتبروها خطرا على الاسلام والمسلمين ونصحوا الناس بعدم مطالعة الكتب الفلسفية لانه يؤدي الي الضلال والانحراف ،وهناك اسباب اخرى لابتعادهم عن البعدالفلسفي منها:عدم وجود دولة مستقلة، غرابة الفلسفة في المنطقة، االخطاب الديني الشرعي والمذهبي السائد، واسباب اخرى.وللوقوف على ماورد في طيات هذا البحث قام الباحث باجراء عدد من المقابلات مع شخصيات دينية واكاديمية لغرض الوصول الى إظهار اسباب هذا الرفض للفلسفة بشكل عام والفلسفة اليونانية بوجه خاص.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**Abstract**

This research deals with the causes of the Sunnis' alienation from philosophy in general Especially Greek philosophy During the Islamic era Since philosophy is the search for knowledge or the search for the origin of things and are important sciences in the field of thought, progress and renewal of religious discourse I mean Greek philosophy All Greek heritage translated into Arabic With the addition of Muslim philosophers and the people of the book in the Islamic era From annotations and summaries And increases and excretions Where Muslims were divided into the sciences of the early Or exotic sciences, especially Greek philosophy and logic To two teams: One supporter and one opposition. This is because the first group believes that it is possible to take advantage of Greek philosophy and logic in understanding many issues of Islamic faith, And then can be reconciled between religion, In this sense, the opposition group found that Greek philosophy and logic were dangerous to faith, This group was further convinced that this group, which was fascinated by Greece's philosophy and logic, slipped into the abyss because of their preoccupation with them. It was therefore necessary in the opinion of this group to reject them and to work to limit their spread and circulation in the homes of Islam, which does not accept those philosophical views contrary to the Islamic faith by their claim, He has found Muslims who oppose the philosophy of Greece and logic, which makes them demanding "to exclude them and accuse the owners of infidelity and heresy, And some Sunni scholars have strong responses to the philosophers M, Including: Ahmed bin Hanbal, Al-Faqihah Muhammad al-Ghazali, Abdul Rahman Ibn al-Jawzi, son of Salah al-Shahrzouri. Ibn Taymiyah and his student Ibn al-Qayyim al-Jawzi .. Others, In this sense, most Sunni scholars, who are of the Shafi'i sect in Kurdistan, Iraq, went on to confront Greek philosophy as a danger to Islam and Muslims and advised people not to read philosophical books because it leads to misguidance and deviation. There are other reasons to distance them from the philosophical dimension, including: the absence of an independent state, The absence of an independent state, The strangeness of philosophy in the region, The religious and doctrinal discourse prevailing, And other reasons. In order to find out what was mentioned in this research, the researcher conducted a number of interviews with religious and academic figures for the purpose of reaching an explanation of the reasons for this rejection of philosophy in general and Greek philosophy in


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)